# دەربارەی "ئایین، بەعس، دیموکراسی، دەسەڵات"

## دیالۆگ لەگەڵ روناکبیر/ ئیسماعیل حەمە ئەمین


## سازدانی: زمناکۆ بورهان قانع

zimnaco@hotmail.com




روناکبیر (ئیسماعیل حەمە ئەمین) ± فۆتۆ/ هیوا قادر

یەکێك لە ڕووناکبیرە دیارەکانی ناو کایەی ڕۆشنبیری کوردیمان (ئیسماعیل حەمە ئەمین) ی نووسەرو ڕوناکبیرە کەخاوەنی چەند قەسیدەیەکی جوانو چەند بەرهەمێکی ناوازەو ڕۆمانێکە بەناوی (کەوتنە خوارەوەی گورگێك) لەگەڵ کۆمەڵێك وتاری فیکری، ئێستاش خەریکی وەرگێڕانی ڕۆمانێکی گابریل گارسیا مارکیزە لە زمانی ئەڵمانیەوە بە ناوی (بە یادی سۆزانیە غەمبارەکانم).. پێمان باش بوو لەسەر کێشە ئێستاییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردیو عێراقیو لەسەر کۆمەڵێك تەوەری وەك "ئایین.. بەعس.. دیموکراسی..دەسەڵات" ئەم ڕووناکبیرە بدوێنین:

زمناكۆ: كۆمەڵگەی عێراقی بە هەموو مەزهەبو ڕەنگە جیاوازیەكانیەوە كۆمەڵگەیەكە نوقمە لە خوێن، دەكرێت لە عێراقی دوای سەدام حسێندا بڵێین ململانێیەك وجودی هەیە لە نێوان دیموكراسیەتو ئاییندا؟ چونكە ئێمە هەموومان تا ڕادەیەكی زۆر بەرپرسیارین لە خەڵق نەبوونی كۆمەڵگەیەكی سیڤیلو مرۆڤدۆست (دیارە سیاسییەكان بە ڕێژەیەكی زیاتر).. ئەگەر چی بوونی ململانێیەكی لەو جۆرە كێشەكە ئاڵۆزتر دەكات.

ئیسماعیل حەمە ئەمین: پرسیاری ئەوەی ململانێیەك هەیە لەنێوان دیموكراسیو ئاییندا، پرسێكە تاوەكو ئێستا نەبۆتە دیاردەیەكی دیارو ئاشكرا تاوەكو لەسەری بدوێین، دیارە ئەمەش مانای ئەوە نیە كەئەم دووهێزە لە زۆرانبازیدا نین!. بەڵام بۆ زیاتر ڕونكردنەوەی ئەم ڕستەیەی سەرەوە دەبێت هەندێك جیاكاری بكەین لەنێوان زۆرانبازیەكی ئاشكراو دیار كەبەرەكان لێكدی جیادەكاتەوەو هێڵی ئەم لەنێوان ئەوی دیكە دەكێشێت، لەگەڵ زۆرانبازیەك هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی پێكدادانێكی دیارو ئاشكرا كەبڵێین ئەمە هێزێكی دیموكراسیە لە دژی هێزێكی ئاینیدا لەزۆرانبازیدایە. لە ئێراقی ئێستادا ڕابردوو بەهەموو وردەكاریەكانیەوە ئامادەیە، ئەمەش وایكردووە كریستاڵیزەبوونێك هەبێت لەنێو ڕابردوویەكدا زیاتر پابەندە بە كولتوری دیكتاتۆریەكی شێوە( زۆرداریەكی ڕۆژهەڵاتیانە) لەفۆرمی حوكمێكی پۆست كۆلۆنیالدا لەگەڵ هێزێكی دیموكراسی شەرمن كەلێرەو لەوێ پەرشو بڵاوە، خۆی لە ڕووبوونەوەیەكی دیارو زەقدا نابینێتەوە. ئەمەش كرۆكی مەسەلەیەكە لە دیاریكردنی فۆرمو هێزی زۆرانبازی نێوان دیموكراسیەتو ئاین. بەمانایەكی دیكە گەڕانەوەیەكە بۆ ترادسیۆنی خێڵو تایەفە جۆراوجۆرەكان كە وەلائاتو ڕەعیەت بوون لەجێگەی هەموو چەمكێكی هاوڵاتیبوونەوەیە لەبەرامبەر  دیموكراسی پێنەگەیشتوو، ئەمە تاڕادەیەك لای هەمووان دیارو ئاشكرایە، بەڵام ئەوەی كەگرنگە سروشتی ئەو پێكهاتە كۆمەڵایەتیو كلتورە خێڵەكیەیە لە دیاریكردنی ئاستی نێوان زۆرانبازیەكانی نێوان ئاینو دیموكراسی.

بیرت نەچێت ئازیزم كولتوری دیموكراسی هێزی دیموكراسی دیاریدەكاتو ئەم دوو پرسە پێكەوەبەستیەكی مێژوویی و زمانەوانیو فەرهەنگی تەواویان هەیە، ئەم لەوی دیكە جیا نابێتەوە، ئەم ئەوی دیكە زاخاودەدا بەبیروڕاو لەكاتی زۆانبازی هێزی دیموكراسخوازدا لەدژی هێزە كۆنزەرفاتیڤ یان ئیدۆلۆژیە دۆگمایەكاندا جۆرێك لەئەزمون دەخوڵقێت كەدەڕژێتە نێو كولتوری دیموكراسیەوە. لێرەوە هێزی دیموكراسی خۆی لەنێو كولتوری دیموكراسیدا موتوربەدەكاتو پێدەگات. لەحاڵەتی ئێراقدا وەكو گوتم هێشتا تارمایەكانی ڕابردوو بەسەر هەموو ئەو دەڤەرەدا سەمای خوێناوی خۆی دەكات، هەموو ئەو پرسانەی لەكاتی لەدایكبوونی قەیسەری سەقەتی ئێراقی بیستەكاندا سەركوتكراونو بەتۆبزی لەژێر ناوی دەوڵەتی ئێراقو حكومەتە جۆراوجۆرە مەركەزیەكانیدا درێژە بە چەپاندنیان دراوە، ئێستا لەدوای ڕووخانی دوا حكومەتی مەركەزیو نەمانی زەبری  دەوڵەتی تەقیونەتەوەو هاتوونەتە سەر شانۆی ڕووداوەكان. هەر لەپرسیاری ژیانی پێكەوەیی كورد وعەرەبو توركمانو دابەشكردنی دەسەڵاتەوە بیگرە تاوەكو كێشەی مەزهەبەكانو شوێنیان لەچوارچێوەی دەسەڵاتدا. لەنێو هەموو ئەم پرسانەدا هێزێكی دیموكراتی نیە خاوەن كولتورێكی دوورو درێژو

تراديسيۆنێكی دێرینه بێت، هێزێك لەزۆرانبازیدا بێت بۆ دەسەڵاتێكی دیموكراسی، ئەوەی كەهەیە تەنها دۆزی ڕۆشنبیرانو نوسەران و ئەو سیاسیانەن كەهێشتا لەدەرەوەی دەسەڵاتو ئیمتیازاتەكانیدا مومارەسەی ژیان دەكەن.. زۆرانبازی بەڕای من كاتێك ڕوودەدات كە ئۆپۆزیسیۆنێكی سیاسی یان جەماوەری، یان تەوژمێكی دیموكراسی یاوەكو چەندەها گروپی فشاری چالاكی چیرە درێژ هەبێت لەململانێدا بێت لەگەڵ هێزەكانی دیكەدا، بەداخەوە ئەمە بەو فۆرمە بوونی نیە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نیە كەتۆوی ئەو هێزە لەئاراد نیە، بێگومان دەكەوینە هەڵەوە گەر لەو بڕوایەدابین، نەخێر وەكو تۆوی هێزی دیموكراسی بوونی هەیە، بەڵام بەشەرمنیەوە لێرەو لەوێ قسەی خۆی دەكات. بیرت نەچێت ئەمەش پابەندە بە تراديسيۆنو نەریتی دیموكراسی لەم دەڤەرە كەبۆ ئێمە مۆدێلێكی نوێو نائاشنایەو لای زۆربەی خەڵكیش دیموكراسیەت جۆرێكە لە بێ دیسپلینیو ئاژاوەگێڕی، لەبەر نەبوونی ئەو نەریتە دێرینە، دۆزی دیموكراسیەت لەئیشكالیەتی گەورەدا دەژی لەبەرامبەر كولتوری دیسپۆتو خێڵگەرایی كە ئەمیش ڕەگی دێرینو قوڵی سایكۆلۆژی هەیە لە كۆئەقڵی كۆمەڵگەی ئێمەدا، هەروەكو ئاماژەم بە چەمكی هاوڵاتیبووندا بەغائیبم لەقەڵەمدا لەنمونەی شێوازی حوكمو بەڕێوەبردنی كۆمەڵگەی ئێراقیدا، لەبەرامبەر ئەوەدا چەمكی(ڕەعیەت) و گوێڕایەڵی بۆ والیو حاكم خاوەنی ڕەگێكی قوڵەو تاوەكو ڕۆژی ئەمڕۆش بەچەندەها شێواز خۆی دووبارە دەكاتەوە. گوتاری ئاینی نەك تەنها ڕۆڵێكی ڕۆحی بینیوە لە كۆمەڵگەی ئێمەدا بەڵكو وەك ئاشكراشە تەواو سەرجەمی هەڵسوكەوت وياسای ناوچەكەشی كۆنترۆڵ كردووە، گوتاری ئاینی هەمیشە گوێڕایەڵی بۆ والیو حاكمی بە یەكێك لە فەزیلە ئاینیەكان زانیوە، كەئەمەش ڕەگەكانی قوڵو چاوخشاندنێكی خێرا بە مێژووی ناوچەكەو ئیسلام ئەو ڕاستیە سادەیە یەكلایی دەكاتەوە. مەبەستم لەوەیە گوتاری ئاینی لەپرۆسەی مومارەسەی ژیانی دنیایی ئێمەدا،( بەدەر لەمەسەلە ڕۆحیە وجودیە باڵاكانی)، لە نێو سوستێمی سیاسیو پەیوەندی نێوان دەسەڵاتو خەڵك ڕۆڵێكی دیسپۆتانەی بینیوە. ئەمە وایكردووە تەنانەت لەنێو خودی ئەو پارتە سیاسەنەشی كەبەنێو دیموكراسین، ژیانی دیموكراسی لەنێو خودی پارتەكاندا بەدی ناكەین. ئێمە لەژێر ناوی یەكسانیو ئازادیو دیموكراسی دووبارەبوونەوەیەكی دیكەی چەمكی گوێڕایەڵی سەركردایەتیو سەرۆكەكانین كە ئەوان بەنێوی دیموكراسیەوە قسەدەكەن. لەم كێشەبەندیە گەورەدا كولتوری دیموكراسی پێنەگەیشتووە بۆ بنیاتنانی هێزێكی دیموكراسی كە بەرامبەر هێزە كۆنزەرڤاتیفو ئاینیەكان بوەستێتەوە، نەخشەی دابەشبوونی دەسەڵات لەحكومەتی ئێراقی دوای سەدامدا دووبارەبوونەویەكی سەقەتی تێكەڵەیەكە لە دیكتاتۆریەتو مەزهەبیەتی مەلایەكان لەژێر ناوی پرۆسەی دیموكراسبوون، ئیدی دەبێت ئەو زۆرانبازیە لەئێستادا لەچ شوێنێكدا بوونی هەبێت.

لەسەرێكی دیكەوە دەتوانین بڵێین ئێمەلەبەردەم تروكاندنی بەریەكەوتنی هۆشمەندیەكی ساوادایـن لەگەڵ هێزە ئاینیەكاندا، بیرت نەچێت من لەگوتاری باڵای هونەریو ئەدەبی ئەم ناوچەیەدا ئەو خەونە بەدیدەكەم كەلەژێر دەسەڵاتی دیكتاتۆریشدا درێژەی بەخۆی داوەو ئازادی كردووە بە چەقی سوستێماتیزەكردنی خۆی. ڕۆشنبیران ڕۆڵێكی بەرچاویان هەیە لە تێزەبەندكردنی ئەم كولتورەو ئێستا لەهەموو لایەكەوە هەوڵدان دەبینین بۆ بیناكردنی ئەم كولتورە، بۆنمونە لەكوردستانی ئێمەدا گفتوگۆیەك هەیە لەسەر

هەموو پرسەکانی کۆمەڵگەو دەسەڵاتی خێڵە حیزبیەکانی ناچار کردووە بەسەرزارەکیش بێت شەڕانیەتی خۆیان کەمبکەنەوەو لەگەڵ ئەم تەوژمەدا ڕێبکەن، نەك لەبەر ئەوەی دەیانەوێت لەگەڵ تەوژمە نوێیەکاندا بگونجێن، بەڵکو لەهەوڵی بەرەعیەتکردنی ئەو هێزە ڕۆشنبیریە خەوبینەرەن، تاڕادەیەکیش توانیویانە بەشێکی زۆری ئەو ڕۆشنبیرو نوسەرو ڕۆژنامەنوسانە بکەنە قەیتولی خۆیان، بەڵام بێگومان لەبەرامبەر ئەم هەموودا هێزێك هەیە لەکوردستاندا بەرەو پێگەیشتن دەڕوات بەڵام هێشتا توانای خۆ پێناسەکردنی خۆیو جیهانبینی داهاتووانەی نیە. لە ناوەڕاستو خوارووادا دۆزی ڕۆشنبیرو دیموکراسیەت لەژێر فشاری سونە وشیعەو میلیشاکانیاندا زۆر شەرمنو بەربڵاونو بەر تیرۆردەکەون، ئەوانیش لەنێو ئیشکالیەتی قەومەچیەتو پان عەربیزمو گوتاری ئیسلامەوی وەك گوتارێکی مانەوەی ناسنامەی عەربیدا گینگڵ دەدەن..بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین زۆرانبازی نێوان دیموکراسیەت وەك هێزێكو ئاین وەك هێزێك لەپرۆسەیەکی سیاسیو کۆمەڵایەتیدا بەهەموو مانا پڕەکانیەوە ئێستا لەئارادنیە، بەڵام ئاسۆگەیەکی دووری هەیە...

زمناکۆ: بۆ ئەوەی کۆمەڵگەی عێراقی لە بەعس بخرێت بەختیار عەلی دەڵێت:

"یەکێك لە پرەنسیپە سەرەکیەکانی لە بەعس خستنی کۆمەڵگەی عێراق، گەڕانە بە دوای بەعسدا لە هەموو جێگەیەکدا".. ئایا تۆ پێت وایە ئێمە بۆ بە دەست هێنانی ئەو پرەنسیپە دەبێت هەریەکەمان لەناو خۆی دا بۆ بەعس بگەڕێت؟ یاخود دەبێت لە ڕێی چەند فەزایەکی ترەوە بجەنگین بۆ مەحوکردنو سڕینەوەی کلتورو سایکۆلۆژیەتی بەعس؟ یان چۆن؟

ئیسماعیل حەمە ئەمین: دیاردەی بەعس ئازیزم نەوەی ئێمەی سەرسامکردووە، لەبەر ئەوە سەیر نەبێت لات کەنوسینی جیدی ئەم نەوەی جەنگەی ئێمە نیە باس لەبەعس نەکات. ئێمە لەنێو سەماکانی بەعسدا لەدایکبووینو بەشێکی زۆری هەرزەکاریو تاگەیشتنمان بەناوەڕاستی سیەکانی تەمەنمان بەعس ئەو تارمایە پۆخڵە بووە دنیای ئێمەی تەڵخ کردووە، لای هەمووان ئاشکرابووە کە بەعس تەنها شێوازێکی حوکم نیە بەگۆڕینی کۆتایی پێبێت، بەڵکو شێوازێکە لەنێو هەناوی کۆمەڵگەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، ئەوانەی لە ئەڵمانیادا لەسەردەمی ئاوس شڤیتزو نازیەتدا ژیابن زیاتر لەدووریە مەترسیدارەکانی ناسیونال سۆسیالزم تێدەگەن، وەك لەوانەی تەنها بە مێژوویەکی نوسراوو لێواری دەرکەوتووی دیاردەکە ئاشنان. لەبەر ئەوە نەوەی ئێمە لە دووریەکانی بەعس لە نێو پێکهاتەی سایکۆلۆژی مرۆی ئەم ناوچەیەدا تێدەگات،کە بۆتە فۆرمێکی هەڵسو کەوتی مومارەسەی هەر دەسەڵاتێك بێت، چ گەر هاتوو مامۆستابین لە قوتابخانەیەك، یان وەکو باوك یان دایك بین یان هەر ئاتۆریتێتیو دەسەڵاتێکی بچوکیشمان هەبێت.. هەموو مەوقعێکی دەسەڵات ئامادەیە بۆ توشبوون بەڤیرۆسی بەعسیەت. ئەمە بەتەواوەتی لەدوای ڕاپەڕینەوە دیاردەیەکی ئاشکرابوو، دەسەڵاتی کوردی تاوەکو ئێستا خەریکی بەرهەمهێنانەوەی فۆرمەکانی بەعسە لەبەرگێکی دیکەدا، هەر لەپەیوەندی نێوان بەرێوەبەرو فەرمانبەرەوە بیگرە تاوەکو پەیوەندی نێوان فەرمانبەرو هاوڵاتیو ئەویش وەك باوکێك یان دایکێك

یان براگەورەیەك بە بچوكترین كەسی خێزانەكەوەو لەپەیوەندی نێوان منداڵێكی بچوكەوە بەپشیلەیەكەوە كەئازاری دەدات، یان پەیوەندی منداڵێك لەم كۆمەڵگەیەدا بەچۆلەكەیەكەوە كەسەری هەڵدەكێشێت.. هەموو یەكێك بێئەوەی بەخۆی بزانێت‌و بەشێوەیەكی نەستی پەیوەندیەكی دەسەڵاتی كۆمەڵایەتی یان ئیداری بەشێوەیەكی بەعسیانە بەكار دێنێت لەگەڵ كەسانی لەخۆی لاوازتر، بەعس لەنێو ئەم پەیوەندیانەدا یاری خۆی كردووەو تاوەكو ئێستاش بەردەوامە بە درێژكردنەوەی ئەو فۆرمە دەسەڵاتەی كەلەنێو كۆنەستی كۆمەڵایەتی ئێمەدا نیشتووەو لەهەڵسوكەوتماندا دیاری دەدات.

بەعس تەنها ئیدلۆژیەكی پان عەرەبیزمی شۆڤێنی نەبوو، بەڵكو درێژبوونەوەی هەبووە بۆ نێو هەموو كون‌و كەلەبەرەكانی ژیانی ڕۆحی كۆمەڵگەی ئێراقی‌و كوردی. گەڕان بەدووی بەعسدا لەشێوازی یەكەمیدا تێگەیشتنە لە بەعس وەك ئایدۆلۆژیای پان عەربیزم و لەسەرێكی دیكەوە وەك فینۆمینێكی كۆمەڵایەتی‌و سایكۆلۆژی جێگەی لێكۆڵینەوەی دوورودرێژە. بەعس تێكەڵەیەك بوو لە چەند ئایدۆلۆژیەت‌و ووردەبیری ناتەواو كەمیشێل عەفلەق‌و كادێرەكانی دیكە دایانڕشتبوو، جۆرێك بوو لەپێمەلە لەنێو ئاوی سۆسیالستی وقەومەچیەت، تێكەڵیەك بوو لەبەربەریەت‌و دەستەگەری خێزانێكی دەسەڵاتدار بەزیندووكردنەوەی بەشێكی بچوكی دیاریكراوی نەریتی خێڵ لەنێو دەوڵەتێكی تەكنیك مۆدێرندا. لەدوا ساڵاكانی بوونیدا خۆهەڵواسین بوو بە گوتاری جیهادیەك كەخۆشیان نەیاندەزانی كەی بەسەریدا كەوتوون!. لەپشت هەموو ئەم یاریە ئایدۆلۆژیەوە وێنەی ئەو فیگورە وەحشیە دیاربوو كەپەلاماری هەموو ئیدۆلۆژیایەك دەدا بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، سڵ ناكاتەوە لەكوشتنی هیچ بوونەوەرێك بۆ گەیشتن بەمەرامەكانی، ئۆپۆرتۆنیستێكە لەسەر هەموو پەتەكان یاری دەكات، بێ پرنسیپ‌و بێ مۆراڵ!و بێ بوونی هیچ ئەخلاقێكی مرۆیی‌و كۆمەڵایەتی. فیگوری سەدام لە سۆسیالستێكەوە بۆ موجاهیدێك نمونەی ئەو سیاسیە بەعسیە هەموو یاریەكی بێ ئەخلاقی دەكات بۆ گەیشتن بەدەسەڵات‌و مانەوە لەسەر كورسی، هیچ پرنسیپێك نیە لە ئایدۆلۆژی بەعسدا سیاسەت جڵەو گیر بكات، نەسەرەتاكانی نەتەوەیی نە سەرەتاكانی ئاین دەتوانێت ئەو ئۆپۆرتۆنیستە لەهەلخوازی‌و هەلپەرستی خۆی جڵەو بكات، نەئاینە دەتوانێت وای لێبكات لەكوشتن سڵ بكاتەوە.. ئەمانە هەمووی كاریگەری هەبووە بۆ پێكهێنانی ئەو نێوەندە سایكۆلۆژەیەی كە هەڵسوكەوتی سیاسی لەم ناوچەیەدا نەخۆش كردووە بە نەخۆشیەكانی، وەك ڤیرۆسێك بەردەوام خۆی لەمومارەسەی ئیداری‌و سیاسی‌و شێوازەكانی دە سەڵاتی دەرەوەی بەعسیش بەرهەمدێنێتەوە. ئەوەتا دوای دەركردنی بەعس زیاتر لە پانزە ساڵ لەكوردستانی ئێمەدا، كادێری سیاسی بووە بەكادێری چەپڵەو ڕۆژنامەنووسان تازە بەتازە پیاهەڵدانی دەستەكەوتەكان بەداهێنان تێدەگەن كەسی ساڵ لەمەوبەر میدیاكانی بەعسی پڕكردبوو. دوای تێكشكاندنی فیزیكی بەعس‌و نەمانی چەوساندنەوەی فیزیكی، لەجیاتی ئەوەی دۆزی سیاسی‌و كادێری سیاسی سەربەستر مامەڵە بكات لەگەڵ دنیای ئێستای، چەپڵە بۆ فایلداران لێدەدات وباوەشی پێدا دەكات. كولتوری سیاسی ئێمە موجەڕەدە لەهەموو پرنسیپێكی سیاسی‌و بەڵێ بەڵێ بۆ سەرۆك‌و قەیتولبوونی بەردەرگاكای ڕەفیق حیزبیە نوێیەكان دەبێتە مۆدێلی مامەڵەی سیاسی لەم دەڤەرەدا، ئەمەیە دووبارە بوونەوەی فۆرمەكانی بەعس لە ژیانی ئێستاكێماندا..

بەدیویێکی دیکەدا تێکشکاندنی جەستە تاکە هۆکار زۆرانبازی بوو لەمامەڵەکردن لەگەڵ نەیارانە سیاسیەکاندا، ئەم تیرۆرە جەستەییو سایکۆلۆژیە بەعسیانەیە تەواوی نموزەجی سیاسی ئەم دەڤەرەی داگیر کردووە، بۆتە کاراکتەری سەرەکی هێزەکانی ناوچەکە کەپڕن لە میلیشیاو دەزگای داپڵۆسینو فڕاندنو فیرقەی مردنو پیاوی مەسئولەکان. بەعس تەنها لەزمانی هێز تێدەگەیشتو گاڵتەی بە گفتوگۆ هاتووە، لەبەر ئەوە سەیر نیە کەپاشماوەکانی ئەم بیرۆکەیە لە ئەقڵی دەسەلاتی کوردیشدا ڕەنگ بداتەوە، ئەمە تەفسیری ئەوە دەکات کە دەسەلاتی کوردی تائەو کاتە گوێچکەی خۆی کەڕ دەکات لەو تێزانەی دژی ئەون کە نابنە هێزێكو لەچوارچێوەی ڕۆژنامەو چایخانە ئەدەبیەکاندا دەمێننەوە، بەڵام کەدەبێتە خۆپیشاندان ئەوا زەبری هێزو بەکارهێنانی بالۆرەی ئەقڵی موئامەرەو فرۆشتنی کوردایەتی وەك عروبەکەی بەعس دەبێتە دەمو چاوی ڕاستەقینەی پەیوەندی دەسەلات لەگەڵ خەڵكو دیموکراسیدا.. ئیدی ئازیزم لەسوستێمی خێزانەوە بیگرە تاوەکو دەسەلاتی سیاسی بەعس وەك پشتە وێنەی سایکۆلۆژی دەسەلات خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە، لەبەر ئەوە سەیر نیە لامان کەئەمڕۆ بەعسیەکۆنەکان لەدەرگای پێشەوەی حیزبەکان بێنە ژوورێو تێکۆشەرە دڵسۆزەکانیش لەدەرگای پشتەوەی حزبەکانەوە تورهەڵدرێنە دەرەوە.

زمناکۆ: یەکێك لەو شتە ترسناکانەی کە لەدوای نەمانی سەدام بینیمان فرە ڕەهەندی تێگەیشتنو تەفسیرەکان بوو بۆ دەسەلات، تا ئێستاش لەڕووی ستراکچەرەوە دیدگایەکی بەعسیانە زاڵە بەسەر هزری تاکەکانی ناو ئەم فەزا کۆمەلأیەتیەی کۆمەڵگەی عێراقیدا..

پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا ئەو مرۆڤەی کە لەدوای کەڵچەری بەعس لە عێراقدا ئامادە دەبێت پێت وایە وێنەیەکی هەبێت لەسەر دابەشکردنی دەسەلات؟ چونکە حیزبە کوردیەکانی خۆمان نموونەی ئەو ئەزمونەن کە نەیانتوانی دەسەلات دابەش بکەن...

ئیسماعیل حەمە ئەمین: هەروەك لەپرسیاری یەکەمدا ئاماژەم پێدا ئێمە تازە بەتازە لەبەردەم پاشماوە هەڵم هایساوەکانی بەعسداین، هێشتا ڕابوردوویەکی نێزیك لەبەردەماندایە بۆ ئەوەی یەکلایی بکەینەوە، هەتاوەکو ئەم کولتورە دیسپۆتو قەومەچیو خێڵگەرایە یەکلایی نەکەینەوە ناتوانین باس لە نەوەیەکی دوای کلتوری بەعس بکەین. ئەمە کارکردنێکی زۆری دەوێت لەڕابورووداکە سێبەرەکانی لەنێو ئێستا درێژە بەخۆیان دەدەن. لەئەڵمانیادا ئەم زۆرانبازیە بۆ کارکردن لەسەر پاشماوەکانی ڕابوردوو لە نەوەی شەستەکاندا دیاریدا، بێگومان لەهەموو ئەوروپاشدا، ترۆپکی سەرکەوتنی ئەمە کۆتایی هێنان بوو بە جەنگی ڤێتنام. بۆ ئەوەی باس لە نەوەی دوایی بەعس بکەین دەبێت باس لەو پرسیارە گرنگانە بکەین کەئێستا تاوتۆێ دەکرێت، هەر لەکارکردنەوە لەڕابوردووی بەعس تاوەکو پرسەکانی دیموکراسیو ئازادی ڕادەربڕینو زۆرانبازی نێوان ئاینو دیموکراسیو هێڵی پەرەسەندنو شکستیو گەشەکردنینان تەواوی ناسنامەی نەوەی نوێی دیاری دەکات لەجیهانبینی خۆیدا لەگەڵ دەسەلاتو کێشەکانی ژیان. لەئەڵمانیا تەنها فەیلەسوفەکانی

قوتابخانەی فرانکفۆرت نەبوون کە شۆڕۆچکەی (شەستو هەشت) یان پەرەپێدا، یاوەکو چەندەهای وەك شترورکتوریستەکان (بنەمایەکان) نەبوون  کە نێوەندەکەیان هەژاند، نەخێر، بەڵکو ئیرادەیەك هەبوو لەنێو نەوەی نوێدا بۆ گۆڕینی واقعی حاڵ، ئیرادەیەك بۆ گۆڕینی دنیای پەیوەندیەکانی نێرو مێو دەرچوون لەهەموو قاڵبە کۆنزەرڤاتیفەکانی سێکسو خێزانو نموزەجی ئەمریکی هێز کەلەجەنگی ڤێتنامدا خۆی کۆرپەیی کردبوو.

ئەم ئیرادەیە لە موزیکی(ڕۆکن ڕۆڵ) وە بیگرە تاوەکو بزوتنەوەی ئاشتیخوازی هیـپـیەکانو مۆدێلی جلی بڵاو سادەو ڕەنگاو ڕەنگەوە، تاوەکو بڵاوکردنەوەی وێنەی سێکسی ڕووت کەمەبەستی زیاتر ئازادکردنی قەیدەکانی پەیوەندی سێکسواڵیەت بوو لەچوارچێوەی دەزگای بەحورمەتی کڵێساو دەوڵەتی کلاسیکدا. لەسەرێکی دیکەوە چەپەکانی وەك(دوتچکە) لەئەڵمانیاو(دانیاڵ بێندیك) لە فەرەنساو چەندەها تێزی فەلسەفیو گروپەی موزیکی وشانۆیی ناڕازی دژی سوێتمی کۆنەخوازو موحافزکاری کولتورو پەرەوەردەو ئیدارە لەتێزو ڕادەربڕینەوە کەوتنە سەرجادەو پێکدانی فیعلی لەگەڵ دەسەڵات. لەئەڵەمانیادا بەتایبەت دژی کۆنە نازیەکان وەستانەوە کەهەندێکیان لەدوای جەنگیشەوە پلەی لێپسراوێتیان  وەرگرتبوو، ڕۆژ نەبوو لەبەردەم ئەو دەزگایانەدا گەنجان نەوەستنو خۆپیشاندان نەکەن، دیارە پۆلیسی ئەوسای ئەڵمانی وەکو ئێستا کولتیڤ نەبووە، تەنانەت خوێنکارێکیش لە خۆپیشاندانێکی دژ بەسەردانی شای ئێران کوژرا،  مەبەستم ئەوەیە ڕێگەکە ئەوەندە تەختو بێ خوێن ڕشتن نەبوو بۆ نەوەی نۆسەدوشەستو هەشت، ئاسەواری توندوتیژی دوای جەنگ لەمامەڵەی پۆلیسدا وەك نوێنەری حکومەتێکی دوای جەنگ دیاربوو، توندوتیژیو بگرەو بەردەو ئاهەنگ گێڕانو کاریکاتێرو موزیکی ڕۆك ڕۆڵو سیمنارەکانی سارتەرو ئادۆرنۆو مارکۆزو گفتوگۆی هابرماز لەگەڵ خوێندکاراندا توانی لەفەرەنسادا حکومەتی دیگۆڵی کۆنەخواز لەشکۆکانی خۆی بهێنێتە خوارەوە، لەئەڵمانیادا توانیان ڕیفۆرمی ڕیشەیی لەسوستێمی پەروەردا پیادەبکەن، توانیان مەنهەج بگۆڕنو سەرجەم دەمو چاوی سەردەم بگۆڕن، پاشماوەکانی نازیەت لاوازو نائەکتیڤی بکەن،  تاوەکو ئێستا گەر نازیە نوێیەکان خۆپیشاندانێکیان هەبێت، ئەوا لەهەموو شوێنێکی ئەڵمانیاوە لەلایەن دژە نازیەتو دژە فاشیەتو چەندەهای دیکە بە فیکەو هێلکە بارانکردن دژیان دەوستنەوە، ئەمە کاریگەریەکانی نەوەکانە لەسەر داهاتوو کەبەهەزارەها گەنجی ئەوروپی لەپێناو مانەوەی کوردێکی بێ دەرەتان یان ئەفریقایەك دنیایەك پارەی گیرفانی خۆی خەرج دەکات بۆ ئەوەی لەخۆپیشاندانێکدا بەشدار بێتو دژی حکومەت بوەستێتەوە. بێ ئەوەی یەك مونقیر بەرژەوەندی خۆی تێدابێت، لەپێناو دژی جەنگو بۆ مافی مانەوەی بێگانە شەڕ دەکات..   ئازادی ئەورپای ئێستا قەرزاری ئەو نەوە ئازا چاونەترسیە کە پاشماوەکانی ڕابووردی کۆتایی پێهێنا... کەواتە ئێمە بۆ ئەوەی بزانین نەوەی دوای کولتوری بەعس چۆنە، دەبێت بپرسین نەوەی ئێستا ئیرادەی گۆڕانکاری تێدایە  لە مامەڵەکردنیدا  لەگەڵ ڕابوردوودا؟..

زمناكۆ: دوا پرسیارم ئەوەیە یەكێك لەو شتە ناشرینانەی كە بەناوی دیموكراسیەوە دەكرێت قبولّكردنی جەلادو ئەنفالچی‌و پیاوكوژەكانی بەعسە لە نێو حكومەتدا( ئەگەر شتێك هەبێت ناوی حكومەت بێت چونكە من گومانم هەیە)، وەفیق سامەرِائی وەك نمونەیەكی زیندووی پیاوە ناشرینەكانی بەعسی دوێنیّ و دەمرِاستی ئەمرِۆی خەلّكی عێراق، بە رِاستی كارەساتە پیاوكوژو تاوانبارێك بیّ ئەوەی كە دادگایی بكرێت لە ساتەوەختێكی كەمدا بكرێت بەدەمرِاستی خەلّك!

دەمەوێت لێت بپرسم ئایا بە چ نۆرمو معیارێك لە ناو خودی دیموكراسی دا جەلادو نیشتیمان پەروەر لەیەك جیا بكەینەوە؟

ئیسماعیل حەمە ئەمین: هەموو پێوانەكان ئاشكراو دیارن، لەسەرووی هەموویانەوە مۆرِالّێكی گشتی هەیە كەمنو تۆو ئەوی دیكە وەك مرۆڤ پێكەوە دەبەستێتەوە، مۆرِالّێكی سادەی خێرو شەرِ هەیە لەگەلّ لەدایكبوونی مرۆڤ لەسەر ئەم زەویە ژیان بەرِێوەدەبات، هەر كاتێك تەرازووی نێوان ئەم دووهێزە تێك بچێت ئەوا ژیانیش بە ئاستێكی ترسناكدا دەرِوات. ئەمە چەندە قسەیەكی سادەیە كەلەحكایەتی منالاّنەوە فێری دەبین، ئەوەندە گرنگە بۆ جیاكردنەوەی جاشێك لە پێشمەرگەیەك، گەندەلێك لە دلّسۆزێك.. رِاستیەكان ئازیزم لەسەر جادەن بەلاّم ئەوە ونكردنی مۆرالّو ئیرادیە بۆ گۆرِان كەرِاستیەكان نابینێت!. بائەم مەسەلەیە تیۆریزە نەكەینو بەسادەیی باسی لێوە بكەین، چونكە تاوانباران یەكێك نین هەلّەیەكی بچوكیان كردبێت، نەخێر تاوانباران شەریكی پیاوكوژانو جەلادانی بەعسی بوون، لادێیان تالاّن كردووە، ژنو مندالّو پەكەوتەیان دەستگیركردووەو داویەنە دەست تاوانبارانی ئەمنو ئیستخباراتی عەسكەری‌و لەوێش لەناویان بردوونو تەعدایان كردۆتە سەر ناموسو شەرەڤی خەلّك، دایكیان لەبەر چاوی مندالاّكانینان سووتاندووە، مندالّیان بەنیوەرِۆی گەرم لەو سارایەدا بەرچاوی دایكەوە بەعەمودەوە بەستۆتەوە تاگیانی دەرچووە. ئەوە سەگەرِەشەكانی نوگرە سەلمان نین كەلاشەی مندالّە ئەنفالكراوەكانی ئێمەیان خوارادووە، نەخێر، ئەوە تانجیە خوێرِیەكانی نێو خۆمانن كەپێشیان دەكەوتنو كون بەكونو شاخ بە شاخ و دۆلّ بەدۆلّ مندالّو ژنو گوندی لاتەریكیان دەخستە بەردەست ئەو جەلادانە. ئەوە حەجاجی كورِی یوسفی سەقەڤ سەدەی بیست نیە لە نوگرە سەلمان تەعەدا دەكات لەخەلّكی ئێمە، ئەوە ئەو گەوادانەی نێو خۆمانن كەپێشیان كەوتنو لەپێناو بەرژەوەندی‌و فەردە پارەدا هەموو شتێكیان بۆ عەلی كیمیاوی و ناشرینترین مرۆی سەر ئەم زەویە كردووە. ئەوە ئەو فایلدارانەن كەناوی سەدان كورِی ئەم شارەی ئێمەیان داوە بە ئەمنو موخابەراتو لە ژێر زەمینەكانی ئەشكەنجەدا گیانیان لەدەست داوە. ئەوە ئەوانەن كەلەنێو ئێمەدا پێشمەرگە بوونو لەژێرەوەش گەوادی پیاوكوژان بوون. ئیدی دەبێت هەقیقەت لەوەساناترو خۆر لەوە رِۆشنتر بێت كەپێویستمان بە دەركەوتنی رِاستیەكان هەبێت!. نەك هەر ئەوەندە كار گەیشتۆتە رِادەیەك تاوانبارانی دوێنی لەجیاتی ئەوەی خۆیان كرِ بكەن دەلّێن: گەر جاش نەبووایە ئەوا كورد هەمووی لەناو دەچوو.. ئەمە كاتێك دەلّێن كەخوێنی هەزارانمان لەپێناو رِزگاری ئەم كوردستانەدا رِشتووە، من كەچاوم دەنوقێنم بەدەیەها هاورِێو رِۆشنبیری ئەم شارەم دێتە

بەرچاو لەپێناو ئازادیدا گیانینا لەدەستدا، کەچی  ئەوانە زۆر بێحورمەتانە گاڵتە بەڕابوردووماندەکەن‌و کەسێکیش نیە دژیان بوەستێتەوە.. سەیرتر لەوەدایە هەندێکیان کتێبی قەبارە گەورەیان نوسیووەو جاشێتیان کردووە بە مێژوویەکی ڕۆشندار.. ئەمە جگەلەوەی لەهەموو حزبە سیاسیەکانداو لەسەر ئاستی لێپسراوی باڵاو ئەندامی سەرکردایەتی جاسوس‌و خۆفرۆش هەبووەو وەکو ئەندام پەرلەمانێك گووتبووی: فایلەکانیان چوار کیلۆ قورسە.. دێن‌و ژیانی ئێمە بەرێوە دەبەن‌و جڵەوی ژیانی ئێمە بەدستەوە دەگرن، لەجیاتی دادگایی کردنینان لەپلینۆم‌و کۆنفراسەکاندا بەچەپڵە ڕێزان باوەشی موحەبەتیان بۆ دەکەینەوە.. ئێمە لەسەردەمی کەوتنەخوارەوەی گورگێکی چەپەڵدا دەژین کەلەنێو ژیانی ئێمەدا تەراتێنێتی بێئەوەی سڵ لەهیچ پێوەرێکی ئەخلاقی بکاتەوە..

ئەمانەی دەیڵێم هەڵچوونێکی پڕ بەپێستی ئەو هەموو کەرامەت بریندارکردنەمانە کەڕۆژانە پێماندەکرێت، ئاشکران‌و تەنها داداگایەکی یاسایی‌و ئەخلاقی ڕاستەقینەی پێویستە، ئێمە پرنسیپە سادەکانی ئەخلاقمان لەم دەڤەرەدا دۆڕاندووە،  بەبێدەنگبوونیشمان لەو فایلدارانەو گوێ کەڕیمان دەبینە شەریکە تاوانیان..  پێوەرەکان وەك ڕاستیەکان ئاشکراو دیارن، وەك گووتم لەئەزەلەوە هەیە، دەبا ئەخلاقیەتێکمان هەبێت بۆ جیاکردنەوەی شەڕ لەخێرو فایلدار لە پێشمەرگەو دزو پیاوخراپان لە خەڵکی بێتاوان،  ئەمە تیۆرەی ناوێت کەبلێین دەبێت ئیرادیەکی هەقیقی هەبێت خەوی لێنەکەوێت تاوەکو ئەم ڕاستیە ئەخلاقیە مرۆیانە یەکلادەکاتەوە..

لێرەوە سوستێمی عەدالەت ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە یەکلایکردنەوەی ئەم کێشانە، ڕاستە حیزب لەجاشێك خۆش بووە، بەڵام منێکی جەرگ سووتاو لێی خۆش نەبووم.  ئەمە ئیرادیەکی قەزائی سەربەستی دەوێت بۆ دەرخستنی دۆزی هەقیقەت کەوەکو خۆر ئاشکرایە، لەوانەیە حزب لێی خۆش بێت بە چەپڵەوە باوەشیان پێدا بکات، بەڵام ئەوە ئێمەین کەلێیان خۆش نابین، ئێمەی کچان‌و کوڕان‌و پیاوان‌و ژنانی ئەم وڵاتە. ئەم بێدەنگبوونە زۆر دەمترسێنێت، ئەم مەهزەلەیەی سوستێمی عەدالەت  لە وڵاتی ئێمە کە گوێچکەی کەڕە لەئاست فایلدارێك‌و داواکاری گشتی وەك ئەوەی زەمقیان لەدەمی دابێت هیچ نالێت!،من دەترسێنێت. کەچی نوسەرێك لەسەر سەد کیلۆبایت نوسین لەئینتەر نێت زیاتر لەبیست ساڵ حوکم دەدرێت. ڕۆژنامەنوسێك لەسەر ڕاپۆرتێك دەخرێتە ژێر هەڕەشەی بەندکردنی لەنێو دزو جەردەکان، بەمەرجێك فایلدارن‌و پیاوکوژانی دوێنی پێمان دەڵێن: گەر ئێمە نەبووینایە ئێوە دەمردن.. ئیدی پێوەرەکان هەمووی بەڕای من لەو ئیرادیەوە سەرهەڵدەدا کەبڕیاری شەڕێکی چیڕە درێژ دەدات دژی فایلداران‌و گەندەڵی‌و بەعسیزم.  بائێمە فێری ئەوە بین نەترسین، ئەو ڕاستیە سادەیە بزانین ئەوەی ئەمڕۆ کارەباو  ئاوو گازی ماڵەکانمان لێ قۆرخ دەکات، هەر ئەویشە سبەینێ نەك تەنها فایلداری دوێنی دەکاتە لێپسراو، بەڵکو منداڵەکانیشمان دەفرۆشن و دەیکەن بەدۆلار.. بەکورتی موستەحیلە بتوانین باس لەدیموکراسی بکەین‌و تەپوتۆزی ئۆتۆمبێلە خێراکانی پیاوکوژانی دوێنی بەدەم‌و چاوماندا بێت. ئەمە وەکو گووتم پێوانەیەکی سادەی ئەخلاقی‌و ئیرادەکی ئازادانەی پێویستە بۆ جیاکردنەوەی خێرلە شەڕ، گەر ئیرادەی ئاوەها لەگۆڕێدا نەبێت ئەوا دەبێت بلێین هەزار ڕەحمەت لەکفن دز..

لەدوای هەموو ئەمانەوە دەتوانین بڵێین کە کارکردن لە ڕابوردوو تاوەکو ئێستا نەبۆتە خەمێك لەکولتوری سیاسیو ڕۆشنبیری ئێمەدا، ئەمەش وایکردووە کەسیاسەت لای ئێمە بازدان بێت بەسەر هەموو مەسەلە مێژوویەکانی نەتەوە لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجی بچوکدا. دیارە دەکەوینە هەڵەوە لەوبڕوایەدا بین کەس نیە بیەوێت ئەم فایلدارنە وەك خۆیان پێناسەبکاتەوەو داداگاییان بکات، چ نەبێت لەڕێگەی دادگایەکی ئەخلاقی تەنگیان پێ هەڵچنێت، ئیرادەی وەها بوونی هەیە، وەك بوون، بەڵام لەشێوەی هێزێکی سیاسی گوشارو کردەییدا بوونی نیە، ئەمەکێشەی غیابی ئەو معیارو پێوانە سادەیە کەباسمکرد. لەبەر ئەوە هەرچی منو تۆ دەیڵێینو تیۆریزەی دەکەین ناچێتە پاڵ پشتگیری هێزێکی سیاسی یان چەند هێزێکی سیاسی ئاوەها کەلەجەنگدابن دژی فایلداران. حکومەتی هەرێم دەیەوێت فایلدارەکان دادگایی بکرێن، بەڵام وەك تێبینی دەکەیت زۆر شەرمنانەو بیروکراتیانەو پەردەپۆشیانەیە، هەوڵدانێکە بۆ پێچەبەدەورە و ڕەدەڵو بەدەڵ کردن، ئەم ئیرادیە بۆ یەکلایکردنەوەی ڕابوردوو تەنها لەپێناو ڕزگاربوون نیە لەچەند تاوانبارێك کەدادگا بڕیاری لەسەر دەدات، بەڵکو لەپێناو پێشکەشکردنی نموزەجێکی سیاسیو کولتوری دیموکراسیانەیە بۆ نەوەکانی داهاتوو، بۆ پەرەپێدانی کولتوری دیموکراسییە لەم کۆمەڵگەیەدا. مرۆی دەروون شێواو ناتوانێت بەشداری ژیانی ئاسایی بکاتەوە، تاوەکو قوتار نەبێت لەگرێیەکانی ڕابوردووی، بەهەمان شێوەش نەتەوەو میللەتان ئاوەهان، ناتوانن شارستانیەتێك پێکبهێنن تاوەکو خۆیان لە فایلدارانو پیاوکوژانی ڕابوردوویان قوتار نەکەن...